# دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی ئەناپۆلس: ڕێگاکان بۆ سوریا مافوور ڕێژ کراوە، ماوەتەوە ئایا دەتوانێ بەسەریدا تێپەڕێ؟

**مەهدی کاوانی**
mahdikawani@yahoo.co.uk



ناچمە ناو باسی نێوانی فەلەستینیەکان و ئیسڕایل و مەودای ڕێکەوتنەکانی نێوانیان . بەڵام ئەو کۆنگرەیە بە بەشداری فراوانی وڵاتانی عەرەبی  بە سوریاشەوەو ونبوونی ئێران و نیگەرانی لە بەشداری سوریا ، بمانەوێ نەمانەوێ مەدلولاتی خۆی هەیە . من وەختی خۆی دوو بابەتم لە سەر کۆنگرەی بەغداو شەرمەشێخ لە ژێر ناو نیشانی (دەبێ کۆنگرەی بەغدابۆ تاوتۆکردنی باری نائاسایی عیراق بێت یان تاوتۆکردنی باری وڵاتانی دەوروبەرو ئەمەریکایە لە گەڵ یەکتری).،( دەکرێ بگوترێ کۆنگرەی شەرمەشێخیش بە پێوەری کۆنگرەی بەغدا بەڕێوە بڕوات!) .

لە هەردو کۆنگرەی بەغداو شەرمەشێخ و پێداچوونەوەکانی و ئەو کۆنگرەی ئێستای ئەناپۆلس ، بەشداری بوان هەقی خۆیانە داکۆکی لە داواو بیرو بۆچوونەکانی خۆیان بکەن ، بە واتایەکی تر بیانەوێ ئەجندای خۆیان بەپێش ئەو جۆرە کۆنگرانە بخەن . بەڵام هەلسوڕێنەرانی کە دەکاتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، کارو کاردانەوەکان بە شمولی ، واتە تەواوی ناوچەکە لێك دەداتەوە . قسەکانم کورت دەکەمەوە . سوریا کێشەی دادگایی ڕەفیق حەریری لە سەرەو بەوە تاوانبار کراوە کە دەستی هەیە لەو تاوانەو جگە لەوەی کە تاوانی پێشێلکردنی دیموکراتی لە سوریاو داڵدەدانی تیرۆڕیستان و ڕەوانەکردنیان بۆ عیراق ، خستراوەتە پاڵی ، هاوجووتبوونی چالاکیە تیرۆڕیەکانی لە گەڵ ئێران ، ئەمەشیان مەسەلەیەکی ترە .

ئەمەریکا خۆی بە براوە دەزانێ ئەگەر بێت و ئەو بەرەیەی لە نێوان ئێران و سوریا دایە ،لێکی هەڵوەشێنێتەوە هەتا بە هەندێ تەنازولاتیش بێت بۆ لایەنی سوری لە سەر گفتوگۆی ئیسڕایل و عەرەبەکان ، سوریا دوور خەنەوە لە دادگایی حەریری و ڕووخانی سیستەمیان . لە بەرامبەریشی هەم دیسان سوریا خۆی بە براوە دەزانێ ئەگەر بێت و ڕزگاری بێت لە مەلەفی ڕەفیق حەریری و داواکانی ئەمەریکی لە مەڕ ڕووخانی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیان و سەندنەوەی گردۆلکەکانی جۆلان لە ئیسڕایلیەکان بە ئاشتی، وەك ئەوەی وەختی خۆی لە گەڵ مسریەکانیان لە بیابانی سینا کرد کە ئیسڕایل بۆ مسری بەجێهێشت . گریمان بە گۆتە ئەو هەموو پێشنیارانە ی سوریا قبووڵ کرا ، بە دوایەوە ئایا سوریا ئامادەی ئەوە دەبێت لە محوەری ئێران دەرچێت . چونکە ئەگەر سوریا لە محوەری ئێران  دەرچێت مانای ئەوەیە ئێران حیزبولای لە کیس دەچێ و بە دوایەوە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا لە دژی  ئێران زیاتر بەرەو ئاقاری ناو خاکی ئێرانەوە دەچێت .  ئەو پرسیارەی پێویستە بکرێ ، ئەوەیە ئایا سوریا متمانە بە ئەمەریکیەکان دەکەن لەو کاردانەوانەیان . پرسیاری تر ئەوەیە ،ئەگەر سوریا لە محوەری ئێران دەرچێ ، بە دوایەوە لێدانی ئێران لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە ئاسانتر

دەبێت . پرسیارەکە لێرەدایە کێ دەڵێ سوریەکان ئەو متمانەیە دەدەن بە ئەمەریکیەکان . چونکە بڵێین و نەڵێین ئەگەر ئێرانیەکان جەزرەبەی لیدانی سەربازی ئەمەریکایان پێ بکەوێ بە دوایەوە تەوازوناتی تێکڕای ناوچەکە گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر دادێت و لە میانەیا کێ دەڵێ ئەمەریکیەکان وەفادار دەبن بەو بەڵێنانەی کە بە سوریەکانیان داوە . لێرەدا سوریاش بەشبەحالی خۆی وشیاری ئەوەی تێدایە کە هەموو شتەکان و دەرئەنجامەکانی بە ژیرانە لێك بداتەوە . هەقی خۆشیانە چونکە سوریەکان تەمریری شەڕکردنیان لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئەمەریکا دا لە شەڕی یەکەمی ئەمەریکاو عیراقدا و بە دوایەوە هیچ ئاکامێکی باشی لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە بۆ سوریەکان لێ نەکەوتەوە. خۆ ئەوان وەك دەسەڵاتی کوردی وا نینە لە سەر وەرەقەی سپی بۆ ئەمەریکیەکان مۆر بکەن و بە دوایەوە بیر لەوە نەکەنەوە کە شتەکان لەکوێوە دەگیرسێتەوە ، یان چەندی بە قازانجی کوردان لێ دەکەوێتەوە . بۆیە من دەڵێم کۆنگرەی ئەناپۆلس لە ڕووی ڕێکخستنی پەیوەندەکانی سوریاو ئەمەریکا ، تۆپەکە خستراوەتە ناو گۆڕەپانی لایەنی سوری . واتە ئەمەریکیەکان ئامادەباشی پیشوەختانەیان بە سوریا نیشان داوە لە ڕێگای دانانی سەرۆکی سوپا عیماد میشال سلێمان کە بکرێتە سەرکۆماری لوبنان کە پێشتر جێگای ڕەزامەندی سوریەکان بوو . لەوانەیە ئەو کارە بۆ ئەوە بیت کە دەرئەنجامەکانی دادگایی ڕەفیق حەریری بەو ئاڕاستەیە نەڕوات کە سوریەکان پێیەوە نیگەران بن . ماوتەوە بۆ سوریا کە تا چ ئەندازەیەك لە مەڕ ئەو هەنگاوە پۆزەتیڤیەی ئەمەریکیەکان ، لە گەڵیان دێنە ڕایێ . ڕەنگە سوریەکان ئەگەر چی لەو دانوسانەیان لە گەڵ ئەمەریکیەکان ، ئەوە بزانن کە هەموو داواکانیان بۆ نەچێتە سەر بە تایبەتی لە مەڕ کێشەیان لە گەڵ ئیسڕایل ، چونکە کاری وەها پێویستی بە گفتوگۆی درێژ خایەن هەیەو سوریەکانیش هەڵبەتە لەوە بە ئاگان کە ئیسڕایلیەکان وەها ئاسان نینە هەتا ئەگەر بۆ خاتری ئەمەریکیەکان و بەرژەوەندیەکانیشیانەوە بێت ، وا بە ئاسانی بێنە ڕا ، بی ئەوەی ئەگەر ئەوە نەزانن کە هەر تەنازولاتێکیان بۆ جانبی سوری بێت دەبێت پێش وەخت ئەوە بزانن کە سوریەکان لە بەرامبەردا هەنگاوی تر بۆیان دێنە پێشەوە . بەڵام دیسانیش ئەگەر حکومەتی سوری لە دوا جاردا بێنە سەر ئەو ڕایە کە ئەمەریکیەکان ڕاستگۆنە لە دەرهاویشتەیان لە ناو لیستی تیرۆڕستی و ڕووخانی سیستەمیان و دادگایی ڕەفیق حەریری ، ئەوا بێ شك گفتوگۆکانی نێوانیان لە نێگەتیڤەوە بەرەو پۆزەتیڤ بەڕێ دەکەوێ .

کە ئیستاکە لەو ئان و ساتەدا ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەم ، مەبەستم لەوە نیە ئەوە بڵێم کە کیشەی دانانی عیماد میشێل سلێمان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری لوبنان گەیشتۆتە دوا وێستگەکانی . تەیاری نیشتمانی ئازاد بە سەرۆکایەتی میشال عۆن و حیزبوللە کە سوریا پشتیوانیان لێ دەکات ، ئەگەر چی لە سەرەتای دروست بوونی کێشەی لوبنان لە سەر کاندید کردنی میشال سلێمان بۆ ئەو پۆستە ،هیچ لاریەکیان نیشان نەدەدا . بەڵام ئێستاکە کە ئەو داوایەی ئەوان لە لایەن بەرامبەرەکانیان قبوڵ کراوە، خۆی لێ دەدزنەوە یان شلەو پەیتەی دەدەنێ و داوای مەرجی پێش وەخت دەکەن کە دەبێ هەندێ زەماناتی سیاسی،گۆڕانی هەندێ بڕگە کانی دەستوری وڵاتی پێوە بێت ، کە ئەو داوایانەیان بە هەمووانیەوە لە لایەن نەیارانیان و ئەوانەی کە چاودێری وتوێژەکانی نێوانیان کە دیارترینیان فەڕەنسایە دەکەن بە شتی نادروست لێك دەدەنەوە . زەینی سیاسیش زیاتر بۆ ئەوە بڕ دەکات کە ئەوان چاوەڕوانی سەفقەیەکی

سیاسی بن کە تیایدا ئەو دڵنیایە لە دەسەڵاتی داهاتووی لوبنان وەر بگرن کە کێشەی ڕەفیق حەریری بە ئاڕاستەی تاوانبارکردنی لایەنی سوریا نەکەوێتەوە . ئەو هەویرە ئاوەکی زۆرتری دەوێ و لایەنە ناکۆکەکانیش کە دەکەونە ناو وتوویژ ، هەر لایەنەو دەیەوێ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و تیایدا براوە بێت و هەڵسوڕێنەرانیش مەرامی سیاسی خۆیان لە پشتیەوە هەیە .

ماوەتەوە بڵێین ئەمەریکیەکانیش لەو نێوەندە قازانجدار دەبن . وەك ئەوە وایە کە بە بەردەقانیەك دوو کێژوولە بکوژن . لە لایەکەوە جۆرە ئاساییەك لە باری لوبنان وەدەست دەهێنن بە قازانجی هێزەکانی داکۆکی کەر لە دیموکراتی ، حیزب و للەش لە محوەری ئیران دەردەهێنن لە لایەکی ترەوە . ئەوەی زیانیشی پێ دەکەوێ دادگایی کردنی مەلەفی ڕەفیق حەریریە بۆ کاتی تر یان قەپاتکردنی بێ ئەوەی تاوانبارە ڕاستەقینەکان کە ڕژێمی سوریایە بە مافی ڕەوای خۆی بگات . کێ ناڵێ بۆ خۆ دوور خستنەوە لە ئاڵۆزیەکان و ڕازی کردنی سوریا تاوانەکەی حەریری نادەنە پاڵ قاعیدە .

٢٠٠٧/١٢/٠٦